بەندی (٥) لە جاڕنامەی گەردونیی مافی مرۆڤ
هیچ مرۆڤێک ئەشکەنجە و سزا نادرێت و ڕەفتاری توند و تیژ و دڕندانەو ئابڕوو بەری لەگەڵدا ناکرێت

# یاساکانی ئێران مافی ژنان پێشێل دەکەن

((ئەمە وێنەی علی ڕەزا ی کورمە داوی لەدایک بوونی))

ئێستا علی تەمەنی ٧ ساڵانە و فروغ چەند مانگێکە نەی دیوە ، دوای ئەوەی لە مێردەکەی جیا بۆوەو دادوەر بریاری جیابونەوەیانی دا و منداڵەکەی دایە وە بە مێردەکەی هەر لەگەڵ هاتنی ڕۆژی جیهانی ژنان کە ٨ ی مارسە و لە ئەنجامی خۆپیشاندانێکی هێمنانەی ژنان لە ئێران ، دەسەڵاتدارانی ئێرانی ٣٣ ژنیان دەستگیر کرد هەرچەندە ٣٠ ژنیان ئازاد کرد بەڵام ٣ لەو ژنانە بەدەست بەسەری مانەوە ، لەناویاندا چەندین ژنە ناوداری ئێرانی چالاک لە بواری بزوتنەوەی ژنان و تیادا بو کە داوای نەمانی ئەو یاسایانە دەکەن کە جیاوازی لە نێوان ژنان و پیاوان دەکەن.

فروغ : لەوکاتەی کە سەیری ئەلبومی وێنەکانی کورەکەی دەکرد ،لەناو ئەو شوقە زۆر بچوکەی کە بەتەنیا تیایدا دەژیێت وتی: ((ئەمە وێنەی علی ڕەزا ی کورمە دوای لەدایک بوونی))

ئێستا علی تەمەنی ٧ ساڵانە و فروغ چەند مانگێکە نەی دیوە ، دوای ئەوەی لە مێردەکەی جیا بۆوەو دادوەر بریاری جیابونەوەیانی دا و منداڵەکی دایە وە بە مێردەکەی

فروغ بەردەوام دەبێت و دەڵێت مێردەکەم هەر لەو ساتەی دەهاتە ژ وورەوە تا چونە دەرەوەی دەستی دەکرد بە هاتوهاوار زۆریەی جارانیش بە لێدان کۆتایی دەهات و علی ڕەزا بەرگری لێ دەکردم و دەی گوت لەدایکم نەدەی، بەڵام لەویشی دەداو دوور فرێی دەدا .

دوای ئەوەی دادوەر بریاری بینینی علی ڕەزای بو دەدات کە بۆی هەیە لە هەفتەی جارێک بیبینێ ، بەڵام لە بنکەی پۆلیس ، کە ئەوەش دەبوە هۆی ترسانێکی وا بۆ منداڵەکە تا ئەو رادەیەی منداڵەکە ناوێرێ بێتە دیدەنی ی دایکی. فروغ منداڵەکەی لەدەست داوەو هیچ بژێویەکیش لە باوکی وەرناگرێ.

ئێستاش مێردەکەی نەک هەر نایەڵێت فروغ منداڵەکەی ببینێ بەڵکو نایەڵێت بەتەلەفۆنیش قسەی لەگەڵدا بکات، فروغیش لەو زیانە دەترسێ کە ئەو هەمو شتانە بە منداڵەکەی دەگەیەنێت.

فرمێسک چاوەکانی فروغ دەشۆنەوە و چیرۆکەکەی باس لەوە دەکات کە چۆن یاساکان لە ئێران پشتی پیاو دەگرن، چونکە بەپێی یاسا کوڕ هەر دوای ئەوەی دوو ساڵی تەواو کرد و کچیش حەوت ساڵ منداڵەکە ڕاستەوخۆ بۆ پیاوەکەیە، بۆیە فروغ کوڕەکەی لەدەست داوە و هیچ بژێویەکیش لە مێردی پێشوی وەرناگرێ.

هەر بۆیەشە هەندێک ژن هەن هەوڵ دەدەن بارو دۆخەکە بگۆڕێت ، لەوانە (پەریسا)کەلەسەر شەقامەکان روو لەو کەسانە دەکات کە هەرگیز پێشتر نەیبینیون بۆ ئەوەی باسی باری یاسایی ژنانیان بۆ بکات و ئیمزا بۆ نەهێشتنی ئەو یاسایە ئیسلا میا نە ی ئێران کۆدەکاتەوە کەجیاوازی لە نێوان ژن و پیاواندا دەکات.

ماهنوش یەکێکە لەو ژنانەی کە ئیمزای بۆ پەریسا کرد و دەڵێ من هەرگیز بەوە رازی نیم کە نیو ئەوەندی پیاو حسابم بۆ بکرێ ، لەوانەیە من لە پیاوێک بەتواناتر بم جا بۆ مافم نیوەی مافی ئەو بێت؟ دادوەران هیچ بەهایەک بۆ ژنان دانانێن ، بەراستی شتێکی قێزەونە. ( شەیما ) ئیمزای کردبوو چونکە ئەندێشەی زۆر ژنی بینیبوو هەروەک دایکیشی کە توشی کێشەی جیابوونەوە ببو، بەردەوام دەبێت و دەڵێت ((بەراست مافی تەڵاق دان شتێکی هیچ و پوچە، من ژنانم بینیوە روو دەکەنە دادگاو داوای جیابوونەوە دەکەن چونکە مێردەکانیان هۆگری بێهۆشکەرەکانن کەچی دادوەر فەرمانی پێ دەکات کە دەبێ هەر لەگەڵ مێردەکیدا بژیێت و پێی دەڵێ ئەو هەر نەبێ دەتوانێ بتژیێنێ، دادوەران هیچ بەهایەک بۆ ژن دانانێن ، بەراستی شتێکی قێزەونە.

(پەریساش) لەوە دەترسێ لەکاتی کۆکردنەوەی ئیمزاکان وینەی بگیرێ، چونکە ئەو پێی وابوو کە پیاوانی پۆلیس لەناو ئۆتۆمبیلێکی لە نزیک وەستاودا و بە جلی مەدەنی وێنەی دەگرن، هەرچەندە تا دوا ساتیش شوێنی کۆکردنەوەی ئیمزاکانی بەنهێنی هێشتبۆوە، هەندێ لە دەستە خوشکانی لە کاتی کۆکردنەوەی ئیمزادا دەستگیر کرابوون. پەریسا وای بۆ دەچێت کە دەسەڵات ئەوان بە جێی مەترسی دەزانێ، بەڵام سەرباری هەڕەشی پۆلیس کەچی کۆکردنەوەی ئیمزا هەر بەردەوامە، پەریسا ئەو رایەشی بەوە شیکردەوە کەوا بەرپرسان نایانەوێت گوێ لە بزوتنەوەی ژنان بگرن چونکە پێیان وایە شتێکە لە رۆژئاواوە هاتووە هەرچەندە ئەو ژنە دەوڵەمەندانەی ئاراستەیان رۆژئاوایی یە کەمتر خومخۆری بزوتنەوەی ژنانن بۆ گۆڕینی یاساکان بەرامبەر خەمخۆری ی ژنە هەژارەکان ، چونکە پەریسا پێی وایە ژنە هەژارەکان ناتوانن ماندوێتی پارێزەرایەتی پارێزەرێکی باش بدەن کاتێ توشی کێشەی دادگا دەبن.

هەڵمەتی کۆکردنەوەی یەک ملیۆن ئیمزا لە حوزەیرانی پارەوە دەستی پێکرد لە یەکێک لە گۆڕەپانە هەرە گەورەکانی ئێران ، کاتێک ژنەکان لەناو گیادا دانیشتن و سروودەکانی پشتیوانی مافی ژنانیان دەوتەوە و دوای چەند ساتێک پۆلیس دەستی کرد بە لێدان و گرتن و هێرشکردنە سەریان بە گازی فرمێسک رێژ و مادەیەکی کیمیایی سوتێنەر بۆ بڵاوە پێکردنیان، دوای ئەوەش ٧٠ کەسیان لێ دەستگیر کردن کە هەندێکیان تا ئێستاش لە زیندان دان، لەوانە دلارام ی خوێندکاری تەمەن ٢٠ ساڵە ، کە دەڵێ من بە جولانەوە دژی ئاسایشی نیشتیمانی و شێواندنی نیزامی گشتی و کاری پڕوپاگەندە ی دژ بە رژێم و پەیوەندی بە کۆمەڵە قەدەغە کراوەکانی ئۆپۆزیسیۆن تۆمەتبار کراوم، ئەوەی شایانی باسیشە باشترین ژنەپارێزەری ئێرانی پارێزەری دلارامە کە (( شیرن عەبادی ))یە خاوەنی خەڵاتی نۆبڵ بە هۆی کارکردنی لە پێناو مافەکانی مرۆڤ . خاتوو عەبادی دەڵێ یاسای ئێران رێگا بە نارەزایی ئاشتیانە دەدات ، بۆیە دەبێ پۆلیسەکان دادگایی بکرێن بە هۆی بەکارهێنانی توندو تیژی نەوەک ژنەکان ، بەڵام سەرباری ئەوەش دوای ئەوەی داوامان بەرز کردۆتەوە ، پیاوانی پۆلیس بانگهێشت کراون بۆ دادگا بەڵام تا ئێستا کەسیان ئامادە نابێت .








## سەرۆك تاڵەبانی :
( دەبێ ئەو کەسەی روو دەکاتە پیشەی پارێزەرایەتی و شەرەفی ئەم پیشەیە ئەمین وراستگۆ و بابەتی بێت)



لەبەیاننامەیەکی پێشووی سەرۆکایەتی کۆماری عێراقدا و سەبارەت بە لێدوانێکی پارێزەر بەدیع عارف ی پارێزەری تۆمەتبار طارق عزیز لە کەناڵی الجزیرة دا هاتبوو :
سەرۆک طاڵەبانی ئەو قسانەی پارێزەر بەدیع عارف عزەت پارێزەری بەرگریکار لە تۆمەتبار طارق عزیز رەت کردەوە کە لە میانەی وتەیەکیدا لەسەر کەناڵی الجزیرة باسی کردبوو بەوەی کە قسەکانی عارف بریتین لە قسەی هەلەق و بەلەق و درۆ و دەلەسە و دەرچونە لە ئوسوڵ وە لەو بەیانەی کە سەرۆکایەتی کۆمار لەوبارەیەوە بڵاوی کردبۆوە کە سەرۆک طالبانی کە هەردەم ئەوە دووپات دەکاتەوە کەوا ماڵەکەی کراوەیە بۆ هەموو عێراقیەک و بەرێزیان پێشوازیان لە پارێزەر بەدیع عارف کردووە و گوێ ی لە گشت ئەو را و بۆچون و گلەیی و گازاندانەی گرتووە، دووپاتیشی کردۆتەوە کە عێراقی نوێ جیا لەهەموو سەردەمەکانی چەوساندنەوەی پێشوو سورە لەسەر مافەکانی مرۆڤ و پاکی دادوەری وسەربەخۆیی دادوەری .
بەڵام نوسینگەی سەرۆک کۆمار زۆر بە توندی ئەوە رەت دەکاتەوە کە بەرێزیان باسی لەوە کردبێت کە هەڵەبجە بیرچۆتەوە ، چونکە هەڵەبجە برینێکە هەرگیز بیرناچێتەوە ، نەک هەر لای کورد و عێراقیەکان بەڵکو لای گشت سەکردەکانی وولاتان و نوێنەرانی رای گشتی ، بەتایبەتیش لای ئەوانەی بێ دەنگ بوون و دیمەنی ئەو منداڵە کۆرپانەی لەباوەشی دایکیاندا و لە شەقامەکانی شارە شەهیدەکەی عێراق لە کوردستاندا بە گازی ژەهراوی کوژران ، بەیاننامەکەی سەرۆکایەتی باسی لەوەش کردووە کە ئەو قسانەی بەدیع عارف نەک هەر دوورن لە راستی و لە واقیع بەڵکو هەوڵی ئەوەشی داوە کە دژ بە ئاکارەکانی پیشەی پارێزەرایەتی بجولێتەوە چونکە دەبێ ئەو کەسەی روو دەکاتە پیشەی پارێزەرایەتی و شەرەفی ئەم پیشەیە ئەمین وراستگۆ و بابەتی بێت.